| اقليم كوردستان - العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة العدل<br>مجلس شورى الاقليم | Kurdistan Regional Government<br>Council of Ministers<br>Ministry of Justice | ...ى كوردستان - عيراق<br>... ئەنجومەنى وەزيران<br>وەزارەتــى داد<br>ئەنجومەنى شووراى هەرێم |
|---|---|---|

ژمارە : ٢٨ / ٢٠١٤

ڕێکەوت : ١١/١١/ ٢٠١٤

## ڕادەربڕین

لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١١/١١، دەستەی گشتی لە ئەنجومەنی شووورای هەرێمی کوردستان، بە سەرۆکایەتی دادوەر شوان محي الدين علي و بە ئەندامیەتی جێگری سەرۆك دادوەر د. سردار یاسین حمدامین و هەر یەك لە ڕاوێژکارانی بەڕێز، د. هادي مسلم يونس و سالم طه مردان و سامي كمال سعيد و صلاح الدين مصطفى ابراهيم و سرتيب ابراهيم علي و سنوبر محمد رشيد و يوسف رحيم رشيد و جمال عمر محمدامين ودادوەر د. عثمان یاسین علي و ڕاوێژکارانی یاریدەدەر، هەورەز غازي صديق و محمد كريم عبدالله و سامان عبدالله عزيز، کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا، دوای گفتوگۆکردن، دەستەکە بۆچوونی خۆی بەم شێوەیە دەربڕی: ـ

**- لایەنی داواکاری ڕادەربڕین/ وەزارەتی داد لە هەرێمی کوردستان - عیراق**

وەزارەتی داد لە هەرێمی کوردستان بە پێی نوسراویان ژمارە (٢٨٣١/٦/٨) لە ٢٠١٤/٩/٢٥ ، بە پشتبەستن بە نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد ژمارە (١٦٧٢/٥) لە ٢٠١٤/٩/١٥ کە لەگەڵیدا نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر ژمارە (٩٩١) لە ٢٠١٤/٩/٨ هاوپێچ کراوە، داوای ڕادەربڕین لە ئەنجومەنی شووورای هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بە چۆنیەتی وەرگرتنی ڕێژەی ٢% وەك میرانەی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی جێبەجێکردنی لەبەر ڕۆشنایی ماددەی ٣٤ لە یاسای رسومی دادی ژمارە ١١٤ی ساڵی ١٩٨١ هەموارکراو، هەروەها ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە ٥٠ی ساڵی ٢٠٠٧، چونکە هەندێ لە فەرمانگەکانی جێبەجێکردن ئەو ڕێژەی ناوبراو لە سەرجەم قەرزەکەوە وەردەگرێ، کە جی هەندی لە بەڕێوەبەراتیەکان ئەو ڕێژەیەی سەرەوە هەتا بڕی ١١٢,٥٠٠ دینار وەردەگرێت، داواکەیان سەبارەت بەوەیە کە ئایا دەکرێ ڕێژەکانی سەرەوە ڕێکبخرێن و وەرگرتنی رسوم زیاتر نەبێت لەو بڕەی کە لە یاسا باسکراوە.

لە سۆنگەی ئەوەی کە کارنەکردن بە بەندی یەکەم لە ماددەی ٣٤ لە یاسای رسومی دادی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە بەپێی ماددەی (١) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٢ پاشانیش ماددە (١) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٢ هەموارکراو، بەشێوەیەك کە وشەی (یەکەم) کە لە دوای ماددە ٣٤ لە یاسای ناوبراو لابردرا، ئەمەش بە پشتبەستن بە ماددە (١) لە یاسای ژمارە ١٣ ی ساڵی ٢٠٠٢ کە لە هەرێم دەرچووە، بەندی یەکەم لە ماددەی ٣٤ لە یاسای رسومی دادی ژمارە ١١٤ لە ساڵی ١٩٨١ هەموارکراو جارێکی تر خرایەوەگەر .

هەروەها پاش گرانەوە بۆ ئەو دەقە کۆنەی کە جارێکی تر خراوەتەوەگەر ، ئەوە روون دەبێتەوە کە بەندی یەکەم لە ماددە ٣٤ بە دەق دەڵێت: ( دەبێ بڕی لە ٢% ( لە سەدا دوو) لەو بڕە قەرزەی کە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن وەری دەگرێت لە قەردار وەك ڕەسم وەربگیرێت ).

بنەما لەسەر ئەوەی سەرەوە ، ئەنجومەن :

وای دەبینێ کە دەبێ بڕی لە ٢% ( لە سەدا دوو) لەو بڕە قەرزەی کە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن وەری دەگرێت لە قەردار وەك ڕەسم وەربگیرێت.

ڕادەربڕینەکە دەرچوو لە ٢٠١٤/١١/١١.

سەرۆك

دادوەر / شوان محي الدين علي